دانمارک/فالبی

## دوعا ثيرؤزةكان .... خالَة حةمة

xale@pc.dk

بە(دوعا)کانی دایکی تۆ
هێندە مەستبووم
لە تەک مۆمی ژوورەکەمدا
تا چاوبڕکا
تیشک ئەهاوم ..
هێدی، هێدی و کز ئەسوتێم.
بەرەو لای تۆ
لەگەڵ ئەسپی خەیاڵی خۆم
وەک دوو هاوڕێی هەمیشەیی
ئەو سنورە دەستکردانەی
نێوان دەنگ و
نێوان ڕەنگ و
نێوان خاکمیان دابڕیوە
ڕەش کردەوە
تا لەکەنار(دوعا)کانی دایە گەورەو
خەمی تۆدا خۆم دۆزیەوە..
هێندەش لە دڵتەوە دووربووم
گوێم لە سروەی هەناسەت بوو..
هێندە لێتەوە نزیکبووم
دوافرمێسکی چاوەکانتم
لەسەر زەوی هەڵگرتەوە ..
تا هەردوکمان
بەیەک دەنگ و بە یەک هاوار
گۆرانیەکانی دوای نوێژو پاڕانەوە !!
بۆ ئەو دایکە میهرەبانە بڵێینەوە
کە ڕۆژگارێکی درێژە لە نوێژدایە
کە تەنهایە ...

(2)

هاوڕێ هاتم
منیش ( دوعا ) پیرۆزەکان دایکم
لە ملدایە
کە نەفرەتی لە وەیشومەو زریان ئەکرد
کە گۆرانی
بۆ خەمە سپیەکان و
ڕۆحی کلۆڵی من و
مەرگە ڕەنگاوڕەنگەکان و
زامی سەر سینەی براکەی ئەچڕی
کە لای وابوو
هەموو ڕۆژێ فریشتەکان
ناڵەی دڵی بۆ خوا ئەبەن ..
کەسبەینێ
خۆرێکی نوێ
لەسەر تکاو پاڕانەوەی
دوێنێ هەڵبێ..

(3)

هاوڕێ هاتم جێمەهێڵە
من شارەزای ( سەما) کانی کوردەواریم
من وەک قەرەج
زۆر تولەڕێم پشکنیوە
کە هەندێ چاو هەر نەیدیوە !
من شێتۆکەی دوای کاروانی شەهیدانم
ئەم گوڵستانە ( نسرم )ەش لێم تێناگا
بیرەوەری مندالیم و
گەورە بوونم لە دەستدەدا
منی ماندوو
بە ڕۆژ هێندە کەنەفتی ڕێم
باڵەکانم
بەرەو بەرزی توانای فڕینم پێنادا..
بەشەوانیش ڕەوانی خۆم ئەگرێنم

خەو ئەنوێنم !!
دواسروودی یەکتای خواو
ژین ئەخوێنم ..
من شێتۆکەم
لەبەر دەرگای خواپێداوە زڕەکاندا
سەمائەکەم
ئەڵێم بەشکوو بە ئاگابێن
پەردەی گوێیان بکرێتەوە
لە گۆرانی گوڵە خەم و
پاڕانەوەی بەیانیانی دایکی ئێمە
شارەزابن
نەک ڕیسوابن ..
(4)
(هاوڕێ هاتم
بەگوڕ هاتم .. بۆ گڕهاتم)
دەستم بگرە
نەکا لە عەشقا بسوتێم
دڵڕەشەکانم پێخۆش بێ
نەکا مێشکی پڕ بۆشایی
لێم بکەونە بەڕەڵایی
من ئەوانە باش دەناسم
کە شێت نەبوون
تەنها ڕۆژێ فێ نەیگرتوون !!
وەک من و تۆو دایە نەبوون
لە گۆڤەندی مەرگی گوڵدا
(گوزارش)یان
لە بولبول و هەڵۆ ئەدا
چاویان پیس و دەمیان بۆگەن !!
تفیان بۆ دایکیان حەواد ..ا
ئاگردانی ماڵە باب و
چاوگی خەمیشیان تێکدا
(دوعا)کانیان ووردوخاشکرد..

کوردستان نێت
KURDISTAN NET

(5)

**هاوڕێ هاتم**
**بەهەزاران پەیمانەوە**
**کە باڵندە( تەرە )کان و**
**پشتە پساوەکەی( لالۆ ) م ..**
**کە گوڵە بێنازەکانی شارو**
**پەریەکانی ئەودیو چییا**
**کە ئاوێنەی ( ڕۆح )ە شکاوەکان و**
**سەمای کچانی ئاوایی ..**
**کەتیشکە پیرۆزەکانی مێژوو**
**کە مەرگی یەکەم نوێژ و**
**یەکەم بەرماڵ**
**لە زینانی ( دوعا )کاندا دەربهێنم..**
**بەرگی سەوزی ئەم ڕۆژەیان بەبەرداکەم**
**تۆزوخۆڵی ( زەمان )ەیان لەسەرلادەم ..**

(6)

**هاوڕێ هاتم**
**قافڵەیەکیش بەڕێوەیە**
**لە( زەمەنی غەدرو دوعا ) یاخی بووە**
**لەبەر چراو ڕوناکیدا**
**نوێژ ئەخوێنن**
**بە فرمێسکی چاوی یەکتر**
**دەستنوێژ ئەشۆن**
**هەر هەموویان بەرگ سپین**
**وەک فریشتەی ( ئەشێ ) ڕاستگۆن**
**هەرهەموویان داوێن پاکن**
**بە زمانی ( زگماک )یان**
**لە کەناری دوعاندا**
**بارگە ئەخەن**
**چاوی نووست و لەخەو ئەکەن**
**بۆ سەرلەنوێ**
**نوێژ بەکوردی دائەبەستن**

**خواوەند بەکوردی ئەدوێنن**
**ئەمڕۆژگارە ڕەشەی ئەمڕۆش**
**لە( شید )ی پیرۆز هەڵدەکێشن**
**( ڕامانی پاک**
**گفتاری پاک**
**کرداری پاک )**
**هەڵدەڕێژن**
**کرداری پاک هەڵدەڕێژن ....**

**تێبینی**

---

*** پێشکەشە بە (نەزەندی بەگیخانی) و دایکە میهرەبانەکەی کە ئیلهامی ئەم هۆنراوەیەن..**
***(نسرم) ئەو جێگایەی خۆرەتاو نایگرێتەوە،**
***(هاتم ،بەگوڕهاتم، بۆگڕهاتم)جاران لە زیارەتی بابەگوڕگوڕدا ئەیانووت( بابە گوڕگوڕ بەگوڕهاتووم بۆ کوڕهاتووم ).**
***(گوزارش)ڕاپۆرت.. کاری مرۆڤێکە هاواڵدز بێ( سیخوڕ ).**
***(تەرە) لەلانە تۆراو بەیەکجاری.**
***(زەمەنی غەدرو دوعا) نەزەندی بەگیخانی.**
***(ئەشێ) فریشتەی ڕاستگۆییە لە دینی(زەردەشتی)دا.**
***(شید) تیشکی پیرۆز(نوور) ، ووشەیەکی ئاوێستاییە.**
***(ڕامانی پاک ،گفتاری پاک، کرداری پاک)پەیڕەوو پڕۆگرامی ئایینی زەردەشت درووی خوای لەسەر..**

KURDISTAN NET